www.kurdistannet.org
27-1-2003 2:12

# بەڕێز تاڵەبانی ئێران شامی شەریف نیە !

**حوسێن کەریمی**

هێندەی تەماشای ماڵپەڕەکانی کوردیم کردبێت، هەموو باس و خواسەکان لە سەر کوردستانی باشوور ( یا خود عێراق) بووە و کەمتر کەس دەپرژێتە سەر ئەو باسەی کە کوردستانێکی رۆژهەڵات ( یا خود ئیران) یش هەیە و گەلی کوردمان لەو پارچەیەش دەچەوسێندرێتەوە. ئەو بێدەنگییە لە سەر کوردستانی رۆژهەڵات هێندە ئازارمان نادات، هێندەی لێدوانی هەندێ سەرکردەی کورد لە سەر ئەم پارچەی کوردستان. بەرێز تاڵەبانی لە دانیشتنێکی ئەم دوایەی لە گەل فراکسیونی کوردی لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئیران، ئاماژەی بەوە کرد، کە کورد لە کوردستانی ئیران لە بارێکی زۆر باش دایە، هەر وەکو وتیی: ئەمە نیشانەی بارودۆخی باشی کوردەکانە لە ئیران، کە وا ئێستا لە گەل نوێنەرانی کورد دانیشتووین. هەروەها وتی پەیوەندییەکانی ئێمە لە گەل ئیران لە سەرحسابی کوردەکانی ئیران نیە. خۆی بەرێز تاڵەبانی بۆیە ئەو قسەیەی کرد کە دەزانێ لە ناو کوردەکانی ئیران رەخنە لە سیاسەتی بەرێزیان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە کێشەی کورد لە ئیران دەگیرێت. ئەم نەقد و رەخنانەش زۆر بەجێیە، چونکە هەموومان دەزانین چ فشارێك لە سەر تێکۆشەرانی کوردستانی ئیران لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی هەیە، هەموومان دەزانین کە سوپای پاسداران بە راهنەمایی یەکێتی ئوردوگاهی کوردەکانی ئیرانی لە کۆیە توپباران کرد، هەموومان دەزانین چەندەها کادیری حزبی دیموکرات لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی شەهید کران و چەندیشیان لە خالەکانی بازرەسیی هێزەکانی ئەوان گیران و وەکو هەدیە درانە ئیتلاعاتی ئێران. ئەم کردەوانەش هەموو لە پێناو نزیك بوونەوە لە رژێمی ئیران بووە و لە سەر حسابی کوردەکانی ئیران.

لێرەدا دەمەوێت وەکو کوردێك لە کوردستانی رۆژهەڵات، بە هەموو کوردەکانی باشوور و بە تایبەت بەرێز تاڵەبانی رابگەیێنم کە ئێمە و هەموو کوردەکانی سەرانسەری دونیا چاومان بریوەتە پێشکەوتنی مافەکانی کورد لە کوردستانی باشوور و هەموومان پشتگیرییان لێدەکەین، بەلام دەخوازین ئەوانیش بزانن کە کورد لە ئێرانیش لە بارێکی باشدا نیە و ئێران ئەو شامە شەریفە بۆ کورد نیە کە باسی لێ دەکەن. ئەگەر لە کوردستانی باشوور ( تەعریب) هەیە، لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش بە تورك کردن و بە فارس کردن هەیە !! لێرەش ناوچە کوردنشینەکان لە رووی ئیقتسادییەوە مەحرومن، لێرەش خوێندکار و دانشجویە کوردەکان بە هۆی بیروباوەری کوردانە دەگیرێن و لە خوێندن مەحرووم دەکرێن. لێرەش هێشتا ئیعدامی لاوەکانمان بەردەوامە. راستە مەرج نیە ئێمە بە چەك بتوانین کێشەمان لە گەل حکومەتی ئیران چارەسەر بکەین، بەلام ناشبێت سەرکردەکانی کورد لە پارچەکانیتری کوردستان بە جۆرێ قسە بکەن کە چاوپۆشی لە هەموو ستەمەکانی سەر ئەم پارچەی کوردستان بکرێت و پێمان بلێن ئێوە چیتان دەوێ، فەرموون ناوی کوردستان لە ئیران ئازادە و ئوستانەك بە ناوی کوردستان هەیە و بوزورگراهەك لە تاران بە ناوی کوردستان کراوە !!!.

**٢٠٠٣/١/٢٥**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣